# شارلوت برۆنتی

# ژنه نووسەری بەناوبانگی رۆمانی جەین ئایر



ئا: کەژاڵ عەلا

شارلوت برۆنتی نووسەری بەناوبانگی رۆمانی(جەین ئایر) یەکێکە لەو سێ خوشکە نووسەرەی کە پلە و پایەیەکی بەرزیان هەیە لەناو ئەدەبیاتی ئینگلیزییدا، ئان برۆنتێ نووسەری رۆمانی(ئاگنیزگەری) و (ئیمیلی برۆنتێ) نووسەری رۆمانی(بەرزاییە هەواگرەکان) ئەم سێ خوشکە هەرچەندە بەهۆی نووسینی ئەم رۆمانانەوە ناوبانگیان هەیە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بەهۆی کورتی تەمەنیانەوە کە مایەی خەم و خەفەتێکی زۆر بوو لای خەڵکی و ئەدەب دۆستان بەتایبەت بەناوبانگن .

شارلوت لەناویاندا کەسایەتیەکی تایبەتی هەیەو تەنانەت دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر بەرهەمەکانیدا، بەڵام بەردەوام ناوبانگی زیاتر دەبێت لەجیهاندا، چونکە لەبەرهەمەکانیدا خەونەکانی ژیانی ژنانی ستەمدیدەی خستۆتەڕوو و لەڕێگەیەوە حاڵی ژنانی نمایشکردووە، جۆرج لوئیس لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ جۆرج ئەلیوتدا، بەمشێوەیە شارلوت دەناسێنێت و دەڵێت: شارلوت کچێکی لادێیی سادەو کورتەباڵا بوو کە رواڵەتی کارەکەرە لاوازەکانی هەبوو، لەساڵی(1816)دا لەگوندی(سۆرنتۆن) ی سەرسەوزو پڕ لەکانیاوی دڵڕفێنو جوان لەدایکبووەو هەمیشە حەزی بەجوانی سروشت هەبووە، بەوتەی خۆی(ئەم سروشتە جوانە مرۆڤ بۆ ئارامی و تەنیایی بانگهێشت دەکات بۆ تەنیایی و ئەزموونێکی هەستیی وا کە مرۆڤ تەنیا لەباوەشی سروشتدا پێدەگات.)

شارلوت لەمنداڵیدا دایکی و دوو خوشکی لەدەستدەدات و سەردەمی منداڵی خۆی لەگەڵ ئیمیلی و ئان و تاقە براکەی برنفۆڵ لەژێر چاودێریی باوک و پووریدا ژیان بەسەردەبات، ئەم سێ خوشکە زۆربەی کاتەکانیان لەژوورێکدا لەقاتی سەرەوەی ماڵە بچکۆلانەکەیاندا بەسەربردووەو هەر لەوێشدا بوو کە یەکەم پریشکی هونەری تیایاندا سەری هەڵداو لەقەڵەمڕەوی خەیاڵاتەکانیاندا بەهرەکانی خۆیانیان بەدیکرد، لەدوایدا بوو بەئیلهامی بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبیەکانیان، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەوە برنفۆڵ هیچ بەهرەیەکی ئەدەبی و هونەری نەبوو، ماوەیەک خوێندی و پاشان چووە ویستگەی

شەمەندۆفێرو لەوێدا کاری دەکرد، بەڵام بەهۆی خواردنەوەی زۆری کحول و تریاکەوە کارەکەی لەدەستدەدات و ناچار ماوەیەک لەلای ئان دەمێنێتەوەو لەدوای ماوەیەکی کەم هەر لەوێ دەمرێت .




ئەم سێ خوشکە بە یەکەمین شاعیرانی ژنان ناسراون لە جیهانی ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا و بە بەرهەمە بەپێز و هۆنراوە ناسک و دڵڕفێنەکانیان، ملیۆنەها ئەدەب دۆستانی جیهانیان بانگهێشت کردووە، شارلوت خەم و پەژارە و ئازارە نهێنییەکانی ناخی دەروونی خۆی لەچوارچێوەی هۆنراوەدا هێنایەگۆ، لەساڵی(1846) لەکاتێکدا شارلوت تەمەنی(28) ساڵە بوو بەهاوکاریی خوشکەکانی کۆمەڵە هۆنراوەیەکیان بەسەرکەوتوویی بەناوی(خوازیاری خوشکانی بێل) بڵاوکردەوە کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک پێشوازییان لێکرد، تەنانەت زۆربەی زانایانی ئەدەبیاتیش ئەم هۆنراوانەیان بەتایبەت هۆنراوەکانی شارلوت برۆنتێ-یان بەنموونەی باشترین هۆنراوەی عاشقانە و بەتواناترین ژنی نەوجەوان لەقەڵەمدا لەمەیدانی ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا، هۆنراوەکانی ئەم سێ خوشکە زیاترو تەنیا گوزارشت لەژیان و گیان و دەروونی خۆیان دەکات و ئەوان عەشقیان تەنیا بەڕێگەی روحانی ناسیبوو، سەیر لەوەدا بوو پاش ئەو کتێبە و ئەو سەرکەوتنە مەزنەیان، کەچی ئەوان کەمتر خەریکی هۆنراوە وتن دەبن، بەڵکو دەست بەنووسینی چیرۆک و رۆمان دەکەن، رەنگە هەر بەهۆی ئەوەوە رۆمانیان هەڵبژارد بێت، چونکە نووسینەوەی رۆمان بەلایانەوە کەمتر پێویستی بەچاودێریی هونەری و ئەدەبی هەبووە و سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ بارودۆخی ژناندا گونجاو ترە، لەلایەکی تریشەوە رۆمان کەمتر لەنمایش یاخود لەهۆنراوە نووسین کاتی دەوێت و تەنانەت دەتوانن هەندێک جار بیخەنەلاوە تاوەکو کارێک ئەنجام بدەن، چونکە ژنان لەهەموو سەردەمێکدا زۆربەی کات ناچارن لەچوارچێوەی ماڵەکانیاندا بمێننەوە و سەرقاڵی کارکردن بن و کەمتر بۆیان دەگونجێت گرنگی بەئارەزووەکانیان بدەن هەروەها ئەوان زۆرجار بۆ بژێوی ژیانیان دەبووایە پێنووسەکانیان دابنایە و سەلکە پەتاتەیان لەژێر زەویدا دەربهێنایەتە دەرەوە سەرەڕای ئەوەش زۆربەی کاتەکانی تەمەنیان بەپەروەردەو فێرکردنی منداڵانەوە بەسەربردووە .

شارلوت وەکو زۆربەی ژنانی ئەو سەردەمە، بەپێچەوانەی پیاوانەوە، ئازادییەکی وەهای نەبووە تابتوانێت زیاتر پەی بەنهێنییەکانی ژیان بەرێ و تابتوانێت زیاتر پەرە بەهونەرەکەی بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمەکانی بەنموونەی نەمرترین و بەنرخترین دەژمێردرێن و گەیشتۆتە ئاستی لوتکە لەجیهانی ئەدەبیاتدا.

شارلوت دەڵێت:(ئەگەر پیاوان بیانتوانایە ئێمەیان بەو جۆرە ببینیایە کە هەین، کەمێک سەرسام دەبوون، بەڵام بەداخەوە کە زیرەکترین و وریاترین پیاوانیش لەبەرامبەر ژناندا دووچاری وەهم دەبن، چونکە ئەوان چارەی ژنان لەبەر رۆشنایی واقیعدا نابینن و تووشی لێکتێنەگەیشتن دەبن). شارلوت لەبەرهەمەکانیدا ژیانی ژنانی ستەمدیدە دەگێرێتەوەو نارەزایی خۆی نیشان دەدات، بەڵام بێئومێد دەبێت لەوەی مافی ژنان و پیاوان هەرگیز یەکسانی بەخۆوە ببینێت، هەربۆیە لەسوچێکی رۆمانی جەین ئایردا دەنووسێت: (ئەی ژنان، هەرگیز لەهەوڵی ئەوەدا مەبن خۆتان لەبەرامبەر پیاواندا بەیەکسانی ببیننەوە، چونکە سەروەت و ماڵ هەمیشە هی ئەوان بووە و هی ئەوانیشە، چونکە تۆ خاوەنی هیچ شتێک نیت، هەر ئەوەندەی کە رێگا دەدەن لەتەنیشتیاندا دابنیشن، مەقامی تۆ وا پێویست دەکات تۆ کەسێکی خاکی بیت و هەوڵی زۆریش کە بەلای ئەوانەوە ئەوەیە کە لێت رازی بن.

## بەسەرهاتی رۆمانی جەین ئایر

جەین ئایر دوای ئەوەی سەردەمی منداڵی لەناو هەتیوخانەیەکدا دەگوزەرێنێت بەسیفەتی دایە دەچێت بۆ ماڵی رۆچستەر، پاش ماوەیەک رۆچستەر بەهۆی رەوشتی بەرز و دەستپاکی جەینەوە سەرسام دەبێت و دوای ماوەیەک داوای هاوسەرگیریی لێدەکات، پێش ئەوەی بریاری زەماوەند بدەن جەین ئایر هەست بەو نهێنییە دەکات کە رۆچستەر ژنی هەیە و ژنەکەی شێت بووە و هەر لەناو ماڵەکەیدا شاردوویەتییەوە، رۆچستەر داوا لەجەین دەکات کە پێکەوە هەڵبێن، بەڵام جەین دڵشکاو سەرگەردان لەماڵ دەچێتەدەرەوە و پاشان بەبێهۆشی لەشوێنێکدا دەکەوێت و کەشیش ریۆرزو خوشکەکانی هەڵیدەگرن و دەیبەنەوە بۆ ماڵی خۆیان و چاودێریی دەکەن، پاش ماوەیەک بریار دەدا لەگەڵ کەشیشەکەدا زەماوەند بکات، بەڵام لەناکاو وا هەستدەکات دەنگی رۆچستەر دێتە بەر گوێی، لەهەمان کاتیشدا هەواڵی ژنەکەی رۆچستەر دەگاتە ئەوی کە ئاگری بەرداوەتە ماڵەکەیان، رۆچستەریش بۆ ئەوەی ژنەکەی لەمردن رزگاربکات چۆتە ناو ئاگرەکەوە و بینایی لەدەستداوە، پاشان جەین ئایر دەگەرێتەوە بۆ لای رۆچستەرو بەو حاڵەشەوە پێیرازی دەبێت و زەماوەندی لەگەڵدا دەکات، لەسەر بنچینەی شاکاری جەین ئایر زیاتر لەبیست فیلمی سینەمایی دروستکراوەو چەندین رۆمانی لەژێر کاریگەریی و بیرۆکەی ئەودا خوڵقاوە، بۆ نموونە(رێبێکا) دوا رۆمانە لەناویاندا لەوەش خۆشتر شارلوت رۆمانی(ئیما)ی دوای تەواوبوونی دوو بەش بەنیوەناچڵی وازلێهێنا، بەڵام لەدوای تێپەربوونی سەدوو پەنجا ساڵ لەلایەن خاتوو (کلار بویلان)ی رۆماننووسەوە کە هەمیشە سەرسام و عاشقی شێوازی نووسینەکانی شارلوت برۆنتی بووە تەواوکرا .
شارلوت هێشتا یەکەمین رۆمانی بەناوی(ئوستاد) تەواو نەکردبوو دەستیکرد بەنووسینی رۆمانی جەین ئایر کە لەتشرینی یەکەمی (1847)چاپکراو لەماوەیەکی کەمدا ناوبانگی شارلوت بەکەسایەتییەکی لێهاتوو بەتوانا بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆوە، تەنانەت هەندێک لەزانایانی ئەدەبی پێیانوابوو کە بەرهەمەکانی شارلوت دەتوانرێت لەرێزی بەرهەمەکانی چارلیز دیکنزدا باس بکرێت، دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنە شارلوت رۆمانی(شێرلی) و پاشان رۆمانی(ویلێت)ی بەبەرهەمهێنا، پاش یەک ساڵ لەبڵاوبوونەوەی رۆمانەکەی براکەی و ئامیلی خوشکی لەدەستدەدات، شارلوت لە(1855/3/31) و لەتەمەنی(39)ساڵیدا لەکاتێکدا تازە شووی کردبوو سکیشی چەند مانگێک بوو، شارلوت چاوەکانی لێکناو بۆ هەمیشە خواحافیزی لەدنیا کرد، لەوانەیە لەکاتی لەیەکدابران و تێکچوونی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا، ئەم وتارەی شارلوت بتوانێت دڵنەوایمان بکاتەوە و ئومێدمان پێ ببەخشێتەوە کە دەڵێت:( زەمەن و خۆشەویستی، هەموو شتێک چاک دەکاتەوە) .

لە (magiran)و(tehranemrooz) ی فارسییەوە